



# ڕێزبەندی هەڵبژاردەکانی فیفا ئیسپانیا هاتە پلەی یەکەم و عێراقیش هاتە پلەی (٥٨)

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ڕێزبەندی هەڵبژاردەکانی جیهانی ڕاگەیاند کە تیایدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی هاتە پلەی یەکەم دوای ئەوەی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای (٢٠٠٨)ی بردەوە، هەروەها هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێنج پلە گەڕایەوە دواوە ئێستا لە ریزبەندی (٦)م دێت، لەم ڕێزبەندە تازەیە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا هاتە پلەی (٣)یەم و هەڵبژاردەی عێراق لەم ریزبەندە تازەیە (١٥) پلە هاتە پێش و ئێستا لە ریزبەندی (٥٨)ە و ئەمەی خوارەوەش ڕێزبەندی (٢٠) هەڵبژاردەیە کە لە ریزبەندی فیفا دین.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- ئیسپانیا | ١٥٥٧ خاڵ | ٩- پورتوگال | ١١٠٤ خاڵ | ١٧- بولگاریا | ٩٣٠ خاڵ | ٣٧- ئێران | ٦٨٩ خاڵ |
| ٢- ئیتاڵیا | ١٤٠٤ خاڵ | ١٠- فەرەنسا | ١٠٥٣ خاڵ | ١٨- یۆنان | ٩١١ خاڵ | ٤٠- ئوستراڵیا | ٦٦٨ خاڵ |
| ٣- ئەڵمانیا | ١٣٦٤ خاڵ | ١١- ڕووسیا | ١٠٢٣ خاڵ | ١٩- مەکسیك | ٩٠٦ خاڵ | ٤٩- سعودیە | ٦٢٣ خاڵ |
| ٤- بەرازیل | ١٣٦٤ خاڵ | ١٢- ڕۆمانیا | ١٠٢١ خاڵ | ٢٠- گانا | ٨٨٥ خاڵ | ٥٣- کۆریای باشوور | ٥٩٠ خاڵ |
| ٥- هۆڵەندا | ١٢٩٩ خاڵ | ١٣- کامیرۆن | ١٠١١ خاڵ | | | ٥٥- ئۆزبەکستان | ٥٦٢ خاڵ |
| ٦- ئەرژەنتین | ١٢٩٨ خاڵ | ١٤- تورکیا | ١٠١٠ خاڵ | | | ٥٨- عێراق | ٥٢٦ خاڵ |
| ٧- کرواتیا | ١٢٨٢ خاڵ | ١٥- ئینگلتەرە | ١٠٠٣ خاڵ | | | ٧٢- بەحرین | ٤٥٦ خاڵ |
| ٨- چیك | ١١٤٦ خاڵ | ١٦- ئوسکتلەندا | ٩٨٨ خاڵ | | | ٨٠- قەتەر | ٤٢٨ خاڵ |
| | | | | | | ٨٣- چین | ٤٠٧ خاڵ |

هەروەها لە کێشوەری ئاسیا ڕێزبەندی هەڵبژاردەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو

| | |
|---|---|
| ٣٤- ژاپۆن | ٧٤٥ خاڵ |

## دیڤید ڤیا بووە گۆڵکاری جامی نەتەوەکانی ئەورووپا بۆ (٢٠٠٨)


دوای تەواوبوونی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای (٢٠٠٨) کە لە هەردوو وڵاتی نەمسا و سویسرا بەڕێوە چوو کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی نازناوەکە بە دەست بێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە، کە تیایدا دیڤید ڤیا بووە گۆڵکاری ئەم پاڵەوانیەتییە دوای ئەوەی توانی (٤) گۆڵ تۆمار بکات و ببێتە گۆڵکاری ئەم پاڵەوانیەتییە، لە یاری پێش کۆتایی تووشی پێکان هات نەیتوانی بەشداری لە یاری کۆتایی بکات، بەڵام هەر نازناوی گۆڵکاری وەرگرت ئەمەش چەند زانارییەکە دەربارەی ئەم یاریزانە.

ناو: دیڤید ڤیا
هەڵبژاردە: ئیسپانیا
ژمارەی درێس: ٧
یانە: ڤالانسیا
شوێنی یاریکردن: هێڵی هێرشبەر
ساڵی لە دایك بوون: ٣-١٢-١٩٨١
درێژی:١٧٥سم
کێشی:٦٩کگم
ژمارەی یارییەکانی نێودەوڵەتی: ٣٥ یاری
ژمارەی گۆڵەکانی:١٨ گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا
لە جامی نەتەوەکانی ئەورووپا بەشداری لە (٤) یاری کرد واتە (٣٤٥) خولەك یاری کردووە و توانی (٤) گۆڵ تۆمار بکات.



## زیزۆ جێگرەوەی خۆی خەڵات دەکات

زۆر کەس لە وەرزشوانان دەڵێن شێوزای یاریکردنی ئەستێرەی بەناوبانگی هێڵی هێرشبەری یانەی لیۆن کەریم بن زیمە بە ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا زینەدین زیدان دەچێت، بۆیە زیزۆ حەزیکرد ئامادەی ئاهەنگی یاریزانی پیشەگرەکانی خولی فەرەنسا بێت کە خەڵاتی ئۆسکاری تێدا درایە یاریزان کەریم بن زیمە کە نازناوی باشترین یاریزانی وەرزی (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨)ی خولی فەرەنسا وەرگرت، خۆشی زیزۆ لەم ئاهەنگە تەنیا



ئەوە نەبوو کە جێگرەوەی خۆی خەڵات کرا بەڵکو بەوەش زیاتر خۆشحاڵ بوو کە ئەو یاریزانە بە ڕەگەز جەزائیریە و خەڵکی وڵاتی خۆیەتی.

# ئایا فیفا هەڵبژاردەی عێراق دەگەیەنێتە قۆناغی چوارەمی یارییەکانی پاڵاوتن بـــۆ جامـی جیهانی ٢٠١٠ لــــە شوێنی قەتەر؟


中國足球協會
Chinese Football Association

Attachment: Facts picked out from report of Chinese media

وێنەی نارەزایی یەکێتی تۆپی پێی چینی دەربارەی هەمان کێشە


Iraqi Football Association

To: Mr. Marco Villager, Director of Legal Affairs
Mr. Paulo Lambardi, Head of Disciplinary & Governance
FIFA

Dear Sirs
Ealigibility of the player Marcio Passos de Al buquerque "Emerson"

Best Regards

Ahmad A. Ibrahim
General Secretary
IFA


Iraqi Football Association

To: Mr.Jerame Valcke
General Secretary
FIFA

Dear Sir.

Our Association presents its Greetings
And would like to present its objection about the result of our National Team's match with Qatar, since we think that the player Emerson was illegally playing for the Qatari National Team, and breaching the laws and regulation of FIFA.
Hoping you will look into the matter ,and decide upon it.

Thank you for your understanding
Best regards

Tariq Ahmad Ali
Deputy General Secretary
IFA


FIFA


Iraqi Football Association

To:Mr. Jeromy Valcke
General secretary
FIFA

Dear Sir

Re:Appeal

Ahmad A. Ibrahim
General Secretary
IFA

ئەمەش وێنەی هەندێک لەو نارەزاییانەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بۆ فیفا لەگەڵ وڵامدانەوەی فیفا

له چەند رۆژی داهاتوو یاخود له کاتی دەرچوونی ئەم ژمارەیه هەفتەنامەی گـــوڵان یەکێتی تۆپی پێـــی نێودەوڵەتی فیفا بریـــاری کۆتایی دەرباری نارەزایی هەڵبژاردەی عێراق له دژی




هەڵبژاردەی قەتەر دەردەکات، کـــە تایبەتە بـــە یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر ئیمرسۆن که بـــە رەگـــەز بەرازیلیە و لەگـــەڵ هەڵبـــژاردەی لاوانـــی بەرازیـــل یـــاری کـــردووه دواتر رەگەزنامەی قەتەری وەرگرتووه ئەمەش پێچەوانـــەی رێنماییەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی فیفایە، ســـەرەتای ئەم کێشەیە لەوە دەستی پێ کرد پێش یاری هەردوو هەڵبژاردەی قەتەر و چین لەمیانی یارییەکانی پاڵاوتن بـــۆ جامی جیهانی، رۆژنامەنووســـێکی چینی چەند زانارییەکی گرنگی ئاشـــکرا کرد دەربـــاری یاریزانی بەرازیلی ئیمرسۆن که پێشتر یاری بۆ هەڵبژاردەی لاوانی بەرازیل کردووه بۆیه یەکێتی تۆپی پێی چینی نارەزایی بۆ فیفا نارد لەگەڵ ئەو بەڵگانەی که ئەوە دەسەلمێنێت ئەم یاریزانه لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیـــل یاری کردووه، دواتر فیفا بریـــاری راگرتنی یاریزانی ناوبراودا و هەروەها سزای مادیشی دا، بەڵام له هەمووی سەیرتر ئەوەیه فیفا هەڵبژاردەی قەتەری سزا نەدا به بیانووی ئەوەی که هەڵبژاردەی ناوبراو هیچ گوناهێکی نییه دەرباری ئەم کێشەیە، پاشـــان یەکێتی تۆپی پێی عێراقی داوای ئـــەم بەڵگانەی له یەکێتی تۆپی پێی چینی کرد ئەوانیش گشـــت بەڵگەکانیان بۆ یەکێتـــی تۆپی پێی عێراق نـــارد و یەکێتی ناوبراویش نارەزایی خۆیان دەرباری یاریزان ئیمرســـۆن بۆ فیفا نارد بۆ ئەوەی یاری هەڵبژاردەی قەتەر و عێـــراق به بردنەوەی عێراق بژمێردرێت به ئەنجامـــی (٣-٠) گۆڵ که ئەم نارەزاییە له بەرواری (٢١-٥) بۆ فیفایان نارد، بەڵام فیفا نارەزایی عێراقی به هەند وەرنەگرت تەنیا ئیمرســـۆنی سزا دا، دیســـان یەکێتی تۆپی پێی عێراقی نارەزاییەکی دیکەی بۆ فیفا نارد دەرباری هەمان کێشـــە،بەڵام فیفا دووبارە گوتی نارەزاییەکەی عێراق نا بەجێیە، بۆیه یەکێتی تۆپـــی پێی عێراق ماف پەروەرێکی تایبەتی گرت بۆ ئەوەی به دوای ئەم کێشـــەیەدابچێت بۆیه دووبارە ئەم ماف پەروەرە بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی و سوود وەرگرتن له چەند برگەیەکی ئەم یاسایە نارەزاییەکی تری بۆ فیفا بەرزکردووه له کۆتایی دا فیفا رایگەیاند که نارەزاییەکەی عێراق بۆ لێژنەی سەرپەرشـــتیاری جامی جیهانـــی (٢٠١٠) نارد ئەوان بریاری کۆتایی دەربارەی ئەم کێشەیە دەدەن، ئێمە باسی چەند برگەیەك دەکەین که یەکێتی تۆپی پێی عێراق سوودی لێ وەرگرتووە ئەویش برگەی (٧)ی یاسای یارییەکانی جامی جیهانی (٢٠١٠)یه که بەم شێوەیە:

(هـــەر هەڵبژاردەیەك بەرپرســـە لەو یاریزانانـــە که یاری بۆ






ئا: ڕێبین ڕەمزی

هەڵبژاردەکانیان دەکەن،دەبێ ئەو یاریزانە بە تەواوی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتی هەبێت و پێشتر یاری بۆ هەڵبژاردەیەکی تر نەکردبێت هەر یاریزانێك سەرپێچی ئەم یاسانە بکات ئەوە هەڵبژاردەکەی سزا دەدرێت و لەم یارییانە کە ئەو یاریزانە بەشداری کردووە بە دۆڕاو دادەندرێت بێ هیچ نارەزاییەك).

بەڵام فیفا پشتی بە برگەی (١٣)ی یاسای یارییەکانی جامی جیهانی بەستەوە دەرباری ئەم کێشەیە کە دەڵی (هەر نارەزاییەك دەبێت پێش دەست پێکردنی یارییەکان بە ٢٤ کاتژمێر پێشکەش بە فیفا بکرێت)، بۆیە لەم نارەزاییە تەنیا سزای ئیمرسۆنیان داوە، ئەگەر هاتوو فیفا دووبارە نارەزاییەکەی عێراقی ڕەتکردووە دەرباری ئەم کێشەیە کە تا ئێستا لەسەر بریاری نەداوە، یەکێتی تۆپی پێی عێراقی تەنیا یەك ڕێگای لە پێش دەمینی سەبارەت بەم کێشەیە ئەوەش نارەزاییەکەی پێشکەش بە دادگای وەرزشی بکات کە بارەگای لە لۆزانە ئەم دادگایە بریارەکانی دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێت و بە پێی یاسای یەکێتیەکان بریار دەدات بۆیە چانسی عێراق یەکجار زۆرە بۆ ئەوەی سەرکەوێ بۆ قۆناغی چوارەمی یارییەرکانی پالاوتنی جامی جیهانی (٢٠١٠).

بەڵام زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری عێراق باوەریان بەم بریارە نییە و هیچ گرنگی پێنادەن بە بیانووی ئەوەی کە تیروپشکی قۆناغی چوارەم ئەنجامدراوە، بەڵام هەموویان بە هەڵە داچوونە، چونکە لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپای (١٩٩٢) پێش دەست پێکردنی ئەم پاڵەوانیەتییە بە (٨) ڕۆژ یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بریاری دا بە دوورخستنەوەی هەڵبژاردەی یوگسلافیای پێشوو لەم پاڵەوانیەتییە و سەرکەوتنی هەڵبژاردەی دانیمارك لە شوێنی و هەر لەم پاڵەوانیەتییە هەڵبژاردەی دانیمارك توانی جامەکە بباتەوە، هەروەها ئەگەر هاتوو ئەم دادگایە هەر بریارێکی بدا ئەوە دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێت بۆ نموونە ئەم دادگایە بریاری دابەزینی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵیایدا بۆ ریزی پلە دووەکانی ئیتاڵیا و دوو خولی ئیتاڵیاشی لێ سەندەوە هەر چەندە یانەی یۆڤانتس خولی ئیتاڵیای هێنا و دوای چەند مانگێك ئینجا دادگای وەرزشی بریاری خۆی دا بۆیە دەبێ هاندەرانی عێراق تا کۆتایی هەوڵ بدەن و پشتگیری لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بکەن سەبارەت بەم کێشەیە هەروەها سەرۆك وەزیرانی عێراق بە پێی چەند زانارییەك بریاری داوە کە لێژنەیەك لە ماف پەروەران و پسپورەکانی وەرزشی دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بە دوای ئەم کێشەیەدابچن، جێگای باسە و بۆ زانیاری جێگری سەرۆکی فیفا محەمەد بن هەمامە کە بە ڕەگەز قەتەریە، هەروەها جێگری سەرۆکی لێژنەی سزاکان لە فیفا ئەویش ڕەگەزی قەتەرییە و لە دادگای وەرزشی نێودەوڵەتی، کە قەتەر ئەندامێکی لەم دادگایە وەرزشییە هەیە کە ڕەگەزی ڕاستەقینەی میسریە.

## لە یۆرۆی (٢٠٠٨)
## دیاردەی لەش کوتانی یاریزانەکان بەدی دەکرا



دوای تەواوبوونی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای (٢٠٠٨) کە لە هەردوو وڵاتی نەمسا و سویسرا بەرێوە چوو چەندین شتی سەیر بەدی دەکرا یەکێك لەم شتانە دیاردەی لەش کوتانی یاریزانەکان بوو کە زۆربەی هەرە زۆری یاریزانەکان لەشیان کوترا بوو بە تایبەتی یاریزانە بەناوبانگەکان وەکو تۆرێس و ڕامۆس و مۆتۆ و سیما... هتد چەندین یاریزانی تر کە هەر یاریزانێك بەشێوەیەك لەشی خۆی کوتا بوو، ئەم دیاردەیە بووە هۆی نیگەرانی هەندێك لە چاودێران چونکە بە شتێکی هەڵەی دادەنێن بە تایبەتی ئەو یاریزانانەی کە هاندەرێکی یەکجار زۆریان هەیە بە تایبەتی منداڵەکان کە وا پێشبینی دەکەن ئەم منداڵەنە بە هەمان شێوە لەشی خۆیان بوکوتن، ئەوەی دەیبینن چەند وێنەیەکی ئەم یاریزانانەیە



# ئیکەر کاسیاس لە یۆرۆی (٢٠٠٨) بە باشترین گۆڵچی دەست نیشان کرا

دوای تەواو بوونی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای (٢٠٠٨) کە لە هەردوو وڵاتی نەمسا و سویسرا بەڕێوە چوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی نازناوەکە بە دەست بێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە، کە تیایدا گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس بە باشترین گۆڵچی لەم پاڵەوانیەتییە دەست نیشان کرا، ئێمەش بە پێویستمان زانی چەند زانیارییەك دەرباری ئەم گۆڵچییە بۆ خوێنەرانی خۆشەویست بڵاوبکەینەوە.

ناو: ئیکەر کاسیاس
هەڵبژاردە: ئیسپانیا
ژمارەی درێس: ١
ساڵی لە دایك بوون: ٢٠-٥-١٩٨١
درێژی:١٨٥ سم
کێشی:٧٩ کگم
یانە: ریال مەدرید
ژمارەی یاری نێودەوڵەتی :٨٢ یاری
لە جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (٥) یاری ئەنجامدا واتە (٤٩٦) خولەك یاری کردووە و تەنیا دوو گۆڵی لێ تۆمار کرا ئەویش لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردەی سوید و رووسیا بوو.

## لێژنەی هونەری جامی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠٠٨ هەڵبژاردەی ئەورووپای دەست نیشان کرد



دوای کۆتایی هاتنی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای (٢٠٠٨) لێژنەی هونەری ئەم پاڵەوانیەتییە هەڵبژاردەی ئەورووپای دەست نیشان کرد کە لە باشترین یاریزانەکانی ئەم پاڵەوانیەتییە پێك هاتووە، کە تیایدا زۆربەی یاریزانە باشەکان دەست نیشان کراوە کە ئاستیان وەکو پێویست بوو لەم پاڵەوانیەتییە، هەڵبژاردەی ئەورووپا لە (٢٣) یاریزان پێك هاتووە کە تیایدا (٩) یاریزان لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەست نیشان کراوە کە پاڵەوانی ئەورووپایە هەروەها (٣) یاریزان لە هەڵبژاردەی روسیای و ئەڵمانیا و (٢) یاریزان لە هەڵبژاردەی پورتوگال و هۆڵەندا و (١) یاریزان لە هەر یەك لە هەڵبژاردەکانی ئیتاڵیا و تورکیا و کرواتیا، ئەمەی خوارەوەش ناوی ئەو یاریزانانەیە کە بۆ ئەم هەڵبژاردەیە دەست نیشان کراون.

**گۆڵچی:** بۆفۆن (ئیتاڵیا)، ئیکەر کاسیاس (ئیسپانیا)، ڤان دێر سار (هۆڵەندا).



**هێڵی بەرگری:** بوسینگوا (پورتوگال)، فلیپ لام (ئەڵمانیا)، کارلۆس مارچێنە (ئیسپانیا)، پیپی (پورتوگال)، کارلۆس پیوڵ (ئیسپانیا)، یۆری زیرکۆف (رووسیا).

**هێڵی ناوەڕاست:** همیت ئەڵتینتۆپ (تورکیا)، لۆکاس مۆدریچ (کرواتیا)، مارکۆس سینا (ئیسپانیا)، خافی هێرناندێز (ئیسپانیا)، کۆستنتین زیریانۆف ( رووسیا)، مایکل بالاك (ئەڵمانیا)، سیسك فابریگاس (ئیسپانیا)، ئەندریاس ئەنیستا (ئیسپانیا)، لۆکاس بۆدۆلۆسکی (ئەڵمانیا)، ویسلی شنایدر (هۆڵەندا).

**هێڵی هێرشبەر:** ئەندریێ ئەرشاڤین ( رووسیا)، رۆمان پاڤلیچینکۆ (رووسیا)، دیڤید ڤیا (ئیسپانیا)، فێرناندۆ تۆرێس (ئیسپانیا).



## خافی هێرناندیز لە یۆرۆی (٢٠٠٨) بە باشترین یاریزان دەست نیشان کرا

دوای تەواو بوونی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای (٢٠٠٨) کە لە هەردوو وڵاتی نەمسا و سویسرا بەڕێوە چوو کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی نازناوەکە بە دەست بێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە، کە تیایدا یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشەلۆنە خافی هێرناندێز بە باشترین یاریزان لەم پاڵەوانیەتییە دەست نیشان کرا دوای ئەوەی لەم پاڵەوانیەتییە ئاستێکی یەکجار باشی نیشان دا کە بووە جێگای دەست خۆشی هاندەرانی ئیسپانیا لەم پاڵەوانیەتییە ئەمەی خوارەوەش چەند زانیارییەکە دەرباری ئەم یاریزانە.

ناو: خافی هێرناندێز



هەڵبژاردە: ئیسپانیا
ژمارەی درێس: ٨
یانە: بەرشلۆنە
شوێنی یاریکردن: هێڵی ناوەڕاست
ساڵی لە دایك بوون: ٢٥-١-١٩٨٠
درێژی: ١٧٠ سم
کێشی:٦٨کگم
ژمارەی یارییە نێودەوڵەتییەکانی:٦٣ یاری
ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا: ٨ گۆڵ
لە جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (٥) یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجام داوە واتە (٣٧٥) خولەك یاری کردووە و توانی لەم پاڵەوانیەتییە (١) گۆڵ تۆمار بکات ئەویش دژی هەڵبژاردەی رووسیا بوو.

## ماسیمۆ ئۆدۆ :

# خولی ئیتاڵیا بەهێزترین خولە لە ئەوروپا بۆیە زۆربەی یاریزانەکان تووشی پێکان دەبن

*** دوای نەشتەگەری لە قاچت ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟**

- باری تەندروستیم باشە و هەست دەکەم کە ماسولکەکانی قاچم وەکو جارانی خۆی لێهاتووە و هێزی خۆی گەڕاندۆتەوە دوای ئەوەی ماوەی چوار مانگ لەبەر ئێش و ئازارەکانی دەمناڵاند سەرەڕای ئەمەش توانیم لە چەندین یاری خزمەتی یانەکەم بکەم ئەم پێکانەم لە یاری دژی یانەی ئەتلەنتا تووش هات، ئێستاش دەتوانم بە شێوەیەکی زۆر باش بەرگری لە ناوی میلان بکەم.

*** مانای ئەوەیە لە وەرزی ئەمساڵ بەشداری یارییەکان دەکەیت؟**

- زۆر یارییم ئەنجامداوە و ئێش و ئازارم نەبووە و ئێستاش گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی پزیشکەکانم ئەوانەی سەرپەرشتیم دەکەن و هەستیش بەوە دەکەم کە دەتوانم لە بەهێزترین یاری بەشداری بکەم.

*** خۆشترین کات و ساتت لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا؟**

- ئەو شەوە بوو کە توانیمان نازناوی مۆندیال بەرزبکەینەوە ئەو تام و چێژە قەت لەبیر ناکەم و بڕوام نەدەکرد کە بەڕاستی ئێمە بووینە پاڵەوانی جیهان و توانیمان زاڵ بین بەسەر ئەو تیپە بەهێزانە بە تایبەتی لە یاری کۆتایی کە سەرکەوتین بەسەر هەڵبژاردەی فەرەنسا خۆشترین ساتی وەرزشیم بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پرشنگدارە لە ژیانی وەرزشیم.

*** ئەدی لەگەڵ یانەی میلان؟**

- دوای ئەوەی توانیمان نازناوی جامی یانەکانی ئەوروپا لە ئەسینا بەرزبکەینەوە دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە یانەی لیڤەرپوولمان بردەوە و تۆڵەی خۆمان لە تیپی ئینگلیزی کردەوە کە پێش دوو ساڵ ئەم نازناوەیان لە ئێمە دزی.

*** بەرای تۆ کێ باشترە دۆنادۆنی یان ئەنشلیۆتی یان لیپی؟**

- باشترین ڕاهێنەر لەو ناوانە ئەوەیە کە زیاتر هەلی بۆ من ڕەخساندبێت و یاری و گرنگی بە من دابێت، هەر یەکەو سەنگێکی لای من هەیە.

*** چی دەڵێی دەربارەی ڕۆیشتنی گاتۆزۆ لە یانەی میلان؟**

- ئەم کارە پەیوەندی بە گاتۆزۆ هەیە و بڕیار لە دەستی خۆیەتی خۆی بەرژەوەندی خۆی باش دەزانی، بەڵام من و هەندێك لە یاریزانەکان هەوڵ دەدەین کە ڕازی بکەین لە میلان بمینێتەوە تا بتوانین بەیەکەوە خزمەتی ئەو یانەیە بکەین.

*** هۆی چییە یاریزانەکان زیاتر لە خولی ئیتاڵیا تووشی پێکان دەبن لە چاو خولەکانی دیکەی ئەوروپا؟**

- زۆری پێکان لە خولی ئیتاڵیا مانای ئەوە دەگەیەنێ کە خولی ئیتاڵیا زۆر بەهێزە و ڕکابەری و ململانێی یەکجار توندی هەیە بۆ بە دەستهێنانی نازناوەکە بەرای من ئەو پێکانانە لە خولەکانی ئیسپانیا و ئینگلتەرەش زۆرە بگرە لە خولی ئەڵمانیاش هەیە.



**✿ لای هیچ کەسێك شاراوە نییە کە تۆپی پێی ئیتاڵیا بە بەهێزی هێڵی بەرگری بەناوبانگە لە جیهان و هیچ جیاوازیەکی وای نییە لەگەڵ هەردوو هێڵی ناوەڕاست و هێرشبەر ماسیمۆ ئۆدۆ یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی هێڵی بەرگری یانەی میلان و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا سەرەڕای ئەو پێکانەی تووشی هات بەرامبەر یانەی ئەتلەنتا کە لە ساڵی (١٩٩٥)وە بەرگری لە ناوی یانەی میلان دەکات و بۆ چەندین یانەی دیکە بە شێوەی خواستن یاریکردووە و تەمەنی لە سی ساڵی تێپەری و لە وەرزی ڕابردوو جارێکی دیکە گەڕایەوە یانەی میلان و ئۆدۆ لە ساڵی (٢٠٠٢) یەکەمین یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە لە گۆڤاری سوپەری وەرزشی بە باشمانزانی لە گۆڤاری گوڵان بڵاوی بکەینەوە.✿**